

# دۆستۆیۆڤسکی و سیاسەت

ناسر فەکوهی
و. لەفارسییەوە: رەزا مەنوچەهری

ئەوەی لەم وتارەدا دەگوترێت لەتێڕوانینێکی تایبەتەوە باس لەدۆستۆیۆڤسکی دەکات، چونکە ئەو تێڕوانینە گونجاوە لەگەڵ بوارە پسپۆڕییەکەمدا.

ئەو تێڕوانینە، تێڕوانینێکی سیاسی-مێژووییە، نەك تێڕوانینی رەخنەی ئەدەبی. هەڵبەت ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەو دوو تێڕوانینە بەتەواوەتی لەیەکدیکە جیاوازن، بەڵام جیاوازی بنچینەییان لەگەڵ یەکدیکە هەیە. گرنگترین جیاوازیان ئەوەیە کە بەزۆری رەخنەی ئەدەبی دواین ئامانجی داهێنانی ئەدەبی لێکدەداتەوە، بێگومان بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئامڕازو هۆکارەکانی بواری سیاسی-کۆمەڵایەتی داهێنانی ئەو دەقە رەچاو دەکات، بەڵام لەکۆتایدا ئامانجی ئەوەیە توێکاری بۆ بکات و بڕواتە ناوەوەی دەق و ململانێی لەگەڵ بکات. لەلایەکی دیکەوەو لەتێڕوانینی (سیاسی-مێژوویدا) زێدەتر لەگرنگی خودی دەق، گرنگی بەبوارەکانی داهێنانی دەق دەدرێت. لەکۆتایدا دەتوانرێت سود لەدەق وەربگیرێت وەك ئامڕازیان بەڵگەیەك بۆ روونکردنەوەی زۆرتری

باسەکە. کەواتە من لێرەدا زۆرتر ئەو پێگەیە شیدەکەمەوە کە داهێنانی ئەدەبی دۆستۆیۆڤسکی تێدا دروست بووە. لەو بڕوایەدام کە دەتوانین لەسەر بنەمای ئەو شێوازە کلیلێکی گرنگ بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو بەرهەمو تێڕامانە بەدەستبێنین.

*مانەوەی ئەدەبی و مردنی سیاسی.

بۆ دەستپێکردنی باسەکە ئاماژە بەڕستەیەکی ناسراوی (لنین) دەدەم کە لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەنوسینەکانی دۆستۆیۆڤسکی گوتویەتی:

(من کاتم نییە ئەو وڕێنانە بخوێنمەوە). مێژوو لەبەرانبەر ئەو وەڵامە خۆپەسەندانەیەدا دادوەریەکی قورسی کردووە. ئێستا زێدەتر لە(120)ساڵ بەسەر مەرگی (دۆستۆیۆڤسکی)دا تێپەڕیوەو کەمتر لە(80)ساڵ بەسەر مەرگی (لنین)دا تێپەڕیوە. ئەمڕۆ زۆر کەمن ئەو کەسانەی کە ناوی بەرهەمەکانی لنین بزانن، یان تەنانەت لەنێو دەستبژێرو پسپۆڕە ئاساییەکاندا کەم کەس دەبینیت کە ناوی (دەوڵەتو شۆڕش، ئیمپریالیزم وەك دوایین قۆناغی سەرمایەداری، هەنگاوێك بۆ پێشەوەو دوو هەنگاو بۆ دواوەوە، دوو تاکتیکی سۆسیال دیموکراسی لەشۆڕشی دیموکراتیکدا..) بەیاد بێنێتەوە، یان تەنانەت بۆ یەکجار ناوی ئەو کتێبانەی بیستبێت. لەبەرامبەردا کەم کەس دەبینیت چ لەنێو دەستبژێرەکانو چ لەنێو خەڵکی ئاساییداو تەنانەت ئەو کەسانەش کە خوێندەوارییان کەمە ناوی کتێبەکانی دۆستۆیۆڤسکی نەبیستبێت کە بریتین لە(براکانی کارامازۆف، تاوانو سزا، لەخشتەبراوانو...) یان یەکێك لەو کتێبانەی نەیخوێندبێتەوە، یان نمایشکردن، یان یەکێك لەو فیلمە زۆرانەی نەدیتبێت کە لەسەریان دروستکراوە. ئیدی بەساڵانە کتێبەکانی لنین لەچاپ نادرێنەوە، زۆر بەکەمی باسیان لێدەکرێت، تەنها لەدەقە زۆر پسپۆڕیو مێژووییەکاندا باسیان لەسەر دەکرێت. بەڵام ڕۆژ نییە بەرهەمێك لەبەرهەمەکانی دۆستۆیۆڤسکی بەهەزارەها تیراژو بەهەموو زمانەکانی جیهان بڵاونەکرێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی بابەتی دەقە ئەدەبیەکان شایانی ئەوە نییە کە لەگەڵ بابەتی دەقە سیاسیە گشتیەکاندا بەراورد بکرێت، بەتایبەتی بابەتی دەقی ئەدەبی دۆستۆیۆڤسکی شایانی بەراوردکردن نییە لەگەڵ دەقی لنینیدا، چونکە تەمەنی ئەدەبی لەدەقی سیاسی درێژترە. دۆستۆیۆڤسکی باس لەو دیاردانە دەکات کە لەقوڵایی روحو زەینی مرۆڤدان.

باس لەدیاردەی گەردونی وەك لێکپچڕانی ڕۆحی مرۆیی دەکات کە لەنێوان دوو ئاراستەی شەڕانگێزیو چاکەدایە. دەقی سیاسیو بەتایبەت دەقی لنینی تەنها باس لەڕێگاکانی بەدەستهێنانی دەسەڵاتو پاراستنی دەسەڵات دەکات، چ بمانەوێتو چ نەمانەوێت ئەو جۆرە دەقە بۆ بڕگەیەك لەزەمەن دەبێتو تێدەپەڕێت. هەڵبەت دەبێت لەم نێوانەدا دەقە بنچینییەکانی وەك (کۆمار، سیاسەت، میر)و دەقی یۆتۆپیای وەك (یۆتۆپیا، سەفەر، بۆ ئیکاری...) بەجیاواز بزانین.

**نەهیلزمو سیاسەت:**

باسکردن دەربارەی سەردەمی دۆستۆیۆڤسکی ناچارمان دەکات کە باس لەنەهیلزم بکەین. دەستەواژەی نەهیلزم لەوشەی (نەهیلی)یەوە هاتووەو مانای هیچ دەدات، وێڕای ئەوەی کە ریشەی وشەی نەهیلی دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەو وشەیە بۆ خۆی پەیوەستە

بەئەدەبیاتی مەسیحییەوەو ئەو دەستەواژەیە بۆ (بیدعە)یەکان بەکارهێنراوە. بەزۆری نەهیلیزم پێشینەیەکی روسی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم. هەر وەك دەستەواژەی (ئانارشیزم)و (دیماگۆژی) راڤەی بچووککردنەوەی زۆر بۆ دەستەواژەی نەهیلیزم کراوە. بۆیە پێویست دەکات ئاماژەیان پێبکەم، چونکە ئەو لێکدانەوە جۆراوجۆرانە کاریگەری زۆریان لەسەر بیرکردنەوەی خودی دۆستۆیۆڤسکی بەجێهێشتووە. لەسەدەی نۆزدەیەمەوە تاکو ئەمڕۆ ئاراستەی راستڕەوی‌و بەتایبەت راستڕەوی توندڕەو هەمیشە وەك مانایەکی بەرانبەر بۆ جۆرێك لەحەزی بەکۆمەڵ یان تاکەکەس بێمانا کە لەڕاستیدا وەك شێت ئاسا و نەخۆش ئاسا بۆ ئاژاوەگێڕی، تێکدان، وێرانکردن‌و مرۆڤ کوژی پێناسەیان کردووە، ئەوەی ئەمڕۆ وەك باو بەناونیشانی تێرۆریزمەوە ریزبەندی دەکرێت‌و بەکارهێنرێت. یەکێك لەدوایین دەرکەوتەکانی ئەو ئاراستەیە لەکتێبێکدا بەناونیشانی (دۆستۆیۆڤسکی لەمانهاتن)دا خراوەتەڕوو کە (ئاندرە گلۆکسمان) نوسیویەتی‌و پاش یازدەی سپتەمبەری 2001 بڵاویکردۆتەوە. گلۆکسمان فەرەنسییەو لەرووناکبیرانی (ماویستی) سالانی 70حەفتا بووە. پاشان زۆر بەتوندی ئاراستەی راستڕەوی وەرگرت‌و لەجەنگی ئەمدواییەی ئەمریکا بەدژی عیراق (سەدام‌و بەعس) هاوڕێ لەگەڵ گوروپێکی دیکە لەڕووناکبیرانی فەرەنسی پشتیوانی لەو جەنگە کرد. ئەو گوروپەو کەسانێکی وەك (ئالن فینکل کرات)و (برنارد کوشنر)ی تێدایە. بەخۆشیەوە ئەو هەڵوێستگرتنە لەنێو روناکبیراندا شێوەیەکی کەمینەبوونی لەخۆگرتبوو و بەپێی بنەمایەك جێبەجێیان دەکرد کە بەمدواییانە (ئەریك هابسباوم) لەوتارێکدا لەڕۆژنامەی (لۆمۆندی دیپلۆماتیك) ناوی (ئیمپریالیزمی مرۆڤ)ی بۆ داناوەو بەتەواوەتی ئەو جەنگە لێکچوونی هەمان ئەو ئایدیانە دەزانێت کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەناوی (شارستانیەت‌و کولتور)ەوە دەیانکرد کە بووە هۆی دروستکردن‌و بڵاوبوونەوەی شەپۆلێکی ئیمپریالیستی. گلۆسمان هەوڵدەدات لەکتێبەکەیدا بن لادەن‌و تیرۆریزمی فیندۆمینتالیزمی ئیسلامی، فرانکیزم، تیرۆریزەی ئەوروپی دەییەی 70و 80، نەهیلیزمی ئانارشیزمی‌و لەئاکامدا نەهیلیزیمی روسی سەدەی نۆزدەیەم لەیەك خەت‌و رێبازدا دابنێت‌و ئایدیا و رۆحی شاراوەی هەموو ئەو جوڵانەوانە بەنەهیلیزم دەزانێت. باس لەهەمان تێزی کۆن دەکات کە هەندێك لەمرۆڤەکان حەزێکی دەروونیان هەیە بۆ تێکدان‌و تاوان، تەنها تێکدان‌و تاوان، بەبێ بوونی هیچ جۆرە تێڕوانینێك بۆ بونیادنان‌و نەریتی بوون. ئەو لێکدانەوەیە کەم‌و زۆر هەمان ئەو شتەیە کە لەهەندێك لەکتێبەکانی (دۆستۆیۆڤسکی)دا دەبینرێت، بەتایبەتی لەکتێبی (لەخشتە براوان)دا. لەو کتێبەدا شۆڕشگێڕان ئەوەندە بەڕێبازی ساکارانەو لەهەمان کاتدا دژوارو بێ نەرمبوون وێنا دەکات کە تەنانەت لەبواری رەخنەی ئەدەبیداو هەروەها لەبواری ستاتیکای ئەدەبیدا بووە بەمەتەڵێك.

**سەردەمی دۆستۆیۆڤسکی:**

بۆ ئەوەی زۆرتر توێکاری بابەتەکە بکەین دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم‌و سەردەمی دۆستۆیۆڤسکی. دۆستۆیۆڤسکی ساڵی (1821) لەدایکبووە، ساڵی لەدایکبوونەکەی مەودایەکی (30)ساڵەی هەیە لەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەرەنسەدا کە لەساڵی (1789)دا بەرپابوو. بەڵام (9) ساڵ پاش لەدایکبوونی واتە ساڵی بە18 بۆ جارێکی دیکە شۆڕشێکی بەرفراوان سەرتاسەری فەرەنسا

دەگرێتەوە، بەتایبەت لەو کاتەدا کە دۆستۆیۆڤسکی لەتەمەنی (27)ساڵیدا بووە شۆڕشە مەزنەکانی (1848) سەرتاسەری ئەوروپا دەگرنەوە، هەر ساڵی (1848) ئەو ساڵە بوو کە مارکس‌و ئەنگلس مانیفیستی کۆمۆنیست بڵاودەکەنەوەو پێشبینی دەکەن لەداهاتوویەکی نزیکدا زلهێزە ئەوروپییەکان لێکهەڵبوەشێن. لەهەمان کاتدا تزار نیکۆلای یەکەم کە یەکێك لەدیکتاتۆرە توندە تزاریەکانی روسیا بوو بەتوندی بەرانبەر چارەنووسی ئیمپراتۆریاکەی نیگەران بوو.

لەو ساڵە پڕ لەقەیرانانەدایە کە دۆستۆیۆڤسکی ئارەزوی تەواوی خۆی بۆ سۆسیالیزم‌و ئۆمانیزم نیشاندەدات. کەشی تایبەت‌و هەلومەرجی قوتابخانەی لەشکری کە دەرزی تێدا دەخوێند تەواو بێزاری کردبوو و لەباتی درێژەدانی بەناچاری کۆلێژی ئەندازیاری بوو بەشەیدای رۆمانە فەرەنسیەکان وەك زۆرێك لەلاوانی ئەو سەردەمە ئایدیاکانی سۆسیالیزمی یۆتۆپیای بوون بەخولیای، بۆ نموونە دوو کەس لەو لاوانە (فۆریە)و (کابە)ن. لەمڕووەوەیە کە دەچێتە ریزی گوروپێك بەسەرۆکایەتی (پیتراشۆسکی)و لەو کاتەدا کتێبێك بەناونیشانی (داماوەکان) دەنوسێت، بۆیە دەستبەسەر دەکرێت‌و تاکو بەردەم سێدارەی دەبن، بەڵام لەدواین ساتدا لێیدەبوورن‌و دووری دەخەنەوە بۆ سیبریا. دەزانین کە کتێبەکەی دۆستۆیۆڤسکی واتە (داماوەکان) یان کتێبی (خەڵکانی هەژار) لەلایەن (بلینسکی)یەوە زۆر ئافەرین دەکرێن، کە لەو سەردەمەدا گرنگترین‌و بڕواپێکراوترین رەخنەگری ئەدەبی روسیا بووە، بەڵام دەبێت لەوە بەئاگابین کە بلینسکی جگە لەلایەنی پێکهاتەو فۆرم‌و شێوازی داهێنەرانەی نوسینەکانی دۆستۆیۆڤسکی چەند هۆکارێکی دیکە لەئارادا بووە کە خواستویەتی دۆستۆیۆڤسکی بەنوسەرێکی مەزن بزانێت.

(ویساریۆن بلینسکی) هاوڕێ لەگەڵ کەسانێکی دیکەی وەك (پیوتر چادایۆف)، (ئەلەکسەندەر هرتزن)و (نیکۆلای چرنیشۆسکی) بەتێکڕای ئاراستەی ماتریالیستی‌و سۆسیالیزمی یۆتۆپیایان بووە. بەتایبەت بلینسکی بەوە ناسراوە کە ئاراستەکەی (هونەر بۆ هونەر) رەتدەکاتەوەو لایەنگری لەجۆری هونەری کۆمەڵایەتی‌و بەپەرەنسیپ دەکات. (هرتزن) یەکێك بووە لەهێگڵیە چەپەکان‌و بەهۆی رادیکاڵ بوون لەبۆچوونەکانیدا ناچاربوو زۆر بەخێرای لەڕوسیا هەڵبێت‌و ببێت بەدامەزرێنەری کاتنامەی (ئەستێرەی جەمسەر) ئەو کاتنامەیە لەتاراوگەدا بوو بەیەکێك لەو ناوەندانە کە روسە هەڵاتوو شۆڕشگێڕانی دیکەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم، کە نیشتەجێی پاریس‌و ژنێڤ‌و بەرلین بوون لەدەوری کۆببنەوە.

(چرنیشۆسکی)یش نوسەر کتێبی بەناوبانگی (دەبێت چیبکەین؟) بوو کەتەنانەت دژایەتی ئەلەکسەندەری دووەم‌و چاکسازیەکانی بوو و لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێت بەتەواوەتی سیستمی تزارەکان لێکهەڵبوەشێتەوە. تێکڕای ئەو کەسانە پەیوەستی ئاراستەیەکی ئەدەبی بوون کە لەڕوسیادا پێیان دەگوترا (خۆرئاوا خوان). لەبەرامبەر ئەو ئاراستەیەدا، ئاراستەیەکی دیکە بوو کە بە(دۆستانی سلاڤ) واتە (سلاڤۆ وفیل) دەناسران لەم ئاراستەیە کەسانی وەك (ئالەکیس خۆمیاکۆف)و (سرگیئی ئاکساکۆف) کاریان تێدا دەکرد. دۆستانی سلاڤ بەپێچەوانەی خۆرئاوا خوازەکان لەو بڕوایەدابوون کە دەبێت روسیا لەڕێگایەکی تایبەتەوە درێژەو پەرە بەگەشەی خۆی بدات. ئەویش هەمان رێگای گەشەی ناسیۆنالیزمی سلاڤە کە دەبێت بەپاڵپشتی تەواوی مەسیحیەتی ئەرزە دۆکسی بێت.

لەسالآنی دوایدائەو ئاراستە ئەدەبی و فەیلەسوفیانەو بەتایبەت لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا بوونە هۆی دروستبوونی ئاراستەی سیاسی جۆراوجۆر کە بەرەنگاری یەکدیکە دەبوونەوە. ئەو هەلومەرجە روسیای تاکو شۆڕشی (1917) بەرەو پێشبرد کە ئاماژە بەهەندێك رەهەندیان دەکەین، بەلآم دەبێت پێش ئەو ئاماژەپێکردنە بگەڕێنەوە سەر دۆستۆیۆڤسکی تاکو بزانین درێژەی بەسەرهاتەکانی چۆنن.

**دۆستۆیۆڤسکی لەمەنفادا:**

پێش ئەوەی دۆستۆیۆڤسکی دووربخرێتەوە، سەرەتا چوار ساڵ زیندانی کراو پاشان تاکو ساڵی (1859) ناچار کرا بەنیشتەجێبوونی زۆرەملێ لەسیبریادا. لەم ماوەیەدا بوو کە زۆر بەتوندی ئاراستەی ئایینی و سۆفیگەری بۆ دروست بوو. دوو هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی ئەو ئاراستەیە جەختی زۆری لەسەر کراوەتەوە بریتییە لەهاوڕێیەتی و دانوستانی لەگەڵ مرۆڤە ترسناكو سەرسوڕهێنەرەکاندا کردووە کە لەنزیکەوە راستییە شەڕانگێزیەکانی رۆحی مرۆییان پێناساندووە. هۆکارێکی دیکە ئەوە بووە کە تەنها یەك کتێبی ئینجیلی لەبەردەستدابووەو لەڕاستیدا تەنها ئامرازێك بووە بۆ رزگاربوونی لەو راستییە ترسناكو سەرسوڕهێنەرانە. بەرهەمی ئەو قۆناغە لەژیانی دۆستۆیۆڤسکی کتێبی (بیرەوەری خانووی مردووەکان)ە. دەتوانین بڵێین کاتێك دۆستۆیۆڤسکی گەڕایەوە بۆ (سێن پێترز بۆرگ) هێشتا بەتەواوەتی هەڵبژاردنی رەهای نەکردبوو لەنێوان دوو ئاراستەی خۆرئاوای یان سلاڤیدا. ئەو گۆڤارەی کە دۆستۆیۆڤسکی بلآویدەکاتەوە وەك زمانی ئاشکراو ئارەزووی (دۆستۆیۆڤسکی)یە بۆ سازان لەنێوان ئەو دوو ئاراستەیەداو ئەوە نیشانەدەری بوونی هەوڵەکانە بۆ سازان لەنێو ئەو دوو ئاراستەیەدا بەکردەوە ژیانی خودی دۆستۆڤیسکی زمانحاڵی ئەو پچڕان و کەلێنەیە کە ئەو دوو ئاراستەیە لەرۆحیا دروستیان کردووە. لەلایەك دۆستۆیۆڤسکی حەزێکی بێسنورو کۆنترۆڵ نەکراوی هەیە بۆ ئازادی و هەلآتن لەهەموو مەرج و کۆت و بەندەکان و بەتایبەت کۆت وبەندە ئەخلاقیەکان (قەت هەرزەبوون و قوماری وەلانەناوە، بۆ ئەمجۆرە کارانە ئەوروپای رۆژئاوای پێباشترە) لەلایەکی دیکەوە ئارەزوی بەشەیتانی کردنی ئەو حەزە دەروونیانە هەیەو دەتوانین ئەوە لەچوارچێوەی کەسایەتی ترسناکی وەك (ورخوونسکی) و (ستاوروگین) ببینین کە لەڕۆمانی (لەخشتەبراوان) دان. لەڕۆمانی تاوان و سزادا لەچوارچێوەی کەسایەتی (راسکولینکۆف)دا دەبینین و ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کەسایەتییە وێنایەکی روون بێت لەخودی دۆستۆیۆڤسکی.

**لێکترازانی روسیاو خۆرئاوا یان چاکەو خراپە:**

کەواتە دۆستۆیۆڤسکی زۆرتر لەهەموو شتێك جەخت لەسەر درزو لێکترازانێك دەکاتەوە کە لەرۆحی مرۆیدایە. ئەو درزو لێکترازانە دۆستۆسۆڤسکی دەخاتە گومانەوە لەنێوان شەیتان و خوداوەندا. دۆستۆیۆڤسکی لەرستەیەکی بەناوبانگیدا کە خستویانەتە پاڵی دەڵێت: کەواتە ئەگەر خواوەندێك بوونی نەبێت، ئیدی هەموو شتێك سەربەست و ئازاد دەبێت. دۆستۆیۆڤسکی بەدواندنی پاڵەوانە نیگەتیڤەکانی نێو نوسینەکانی بەجۆرێك لەجۆرەکان دەڵێت، ئەگەر خودایەك بوونی نەبێت،

کەواتە دەتوانم جێگای بگرمەوەو ئیدی هەموو شتێك بۆ من سەربەستو ئازاد دەبێت. ئەو جۆرە باسکردنە لەنێو بەرهەمەکانی (دۆستۆیۆڤسکی)دا بوون بەقوڵترین باسی کۆمەڵایەتی فەلسەفی نێو نوسینەکانی.

لێرەدایە کە دەبێت جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ سەر بابەتی نەهیلیزم. دۆستۆیۆڤسکی لەهەوڵی ئەوەدایە کە لەنێو رۆمانەکانیدا بکەوێتە جەنگکردن لەگەڵ نەهیلیزمەکاندا. نمونەی زەقی ئەو کەسانە لەکەسایەتی (سرگیی نچایۆف)دا دەردەکەوێت ئەو کەسایەتییە لەڕۆمانی لەخشتە براواندا لەفۆرمی کەسایەتی (ورخۆنسکی)دا وێنادەکرێت. (نچایۆف) بۆ خۆی خوێندکارێکی زانکۆو کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕبووە، بونیادنەری گروپێکی نەهیلیستی خوێندکاری بوو. نچایۆف لەسەدەی نۆزدەیەمو دەیەی (1860)دا رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی بەناوی (ناردونایا راسپراڤا) دروستکرد کە بەواتای سزای گەلە. لەو رێکخراوەیەدا جەخت دەکرایەوە لەسەر پەیڕەوبوونو ملکەچ بوونی رەها بۆ سەرۆك، خوێندکارێکی بەناوی (ئیوانۆف) سەرپێچی لەئەمرەکانی کرد، هەر بۆیە نچایۆف ئەو خوێندکارەی کوشت. ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کوشتنە یەکەم پاکتاوی نێو خۆیی نێو رێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان بێت. لەدوایدا هاوشێوەی زۆر لەو جۆرە کوشتنانە بینرا. لەنیوەی سەدەی نۆزدەیەمداو لەڕوسیا رێکخراوی لەو جۆرە زۆر دەبینرێنو بەناوبانگترینیان (ناردونیکی)یەکانن کە بەواتای گەللیەکان دێت. ئامانجی خۆیان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی جوتیاری راگەیاندبوو، بۆیە هەمیشە لەلایەن لنینەوە دەکەوتنە بەر شاڵاوی رەخنەگرتن، چونکە بۆ وروژاندنی شۆڕش جوتیارانیان پێباشترە لەکرێکارانی پیشەسازی.

گروپێکی دیکە بەناوی (ناردونایا ولیا) کە بەواتای ویستی گەلە دروستبوو لەساڵی (1881)دا (تزار ئەلەکسەندەری دووەمیان) تیرۆر کرد.

دەبێت دیسان دووپاتی بکەینەوە کە هەڵوێستگرتنی دۆستۆیۆڤسکی بەدژی بزاوتە نەئەهیلیستییەکان درێژەی بووە، دەبێت بڵێین ئەو بزاوتانە فۆرمی سەرەکی بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان بوون تاکو شۆڕشی (1917).

تەنانەت بزاوتە نەهیلیستیەکان لەشۆڕشی ئۆکتۆبەردا تەنها بەهۆی زەربی پیلانێگێڕییە سیاسیەکانی لنین لەپرۆسەی شۆڕشدا سڕانەوە. هەرچی زێدەتر لەهەڵوێستەکانی دۆستۆیۆڤسکی نزیکدەبینەوە کە بەرگری لە(سلاڤ فیل)و کەنیسەی ئەرزەدۆکسی دەکات نوسینەکانی دەبنە نمونەیەکی زەق لەبەها مەسیحیەکان کە رووبەڕووی شەیتانەکان دەبێتەوە، شەیتانەکانیش لەچوارچێوەی پێوەرە رۆژئاوایەکان پێناسەکراون. ئەو شەیتانانە بەنیازی هەڵگەڕاندنەوەی جیهانو سەروبنکردنی بەهاکان بوون. (سرف)ە تاوانکارەکان باوکیان کوشتبوو و ئێستا دەیانەوێت باوکی روسیا (تزار) کە نوێنەری خوایە لەسەر زەوی بکوژن خۆیان لەباتی خوداوەند دابنیشن. (ئەگەر خوداوەندێك بوونی نەبێت ئیدی هەموو شتێك سەربەستو رێپێدراو دەبێت!).

**نموونەی دەستپێکردنی شێوازێکی نەهیلیستی:**

پاش چەند ساڵێك کە (تۆرگینۆف) هەوڵیدا بەکتێبی (بوکانو کوڕان)و کەسایەتیەك وەك (بازارۆف) ئاراستەی نەهیلیزمی لەکۆمەڵگای روسیادا نیشانبدات، بەتایبەت ئەو ئاراستەیەی

لەکاتی رووبەڕووبوونەوەی نێوان جیلەکاندا خستۆتەڕوو، دۆستۆیۆڤسکی هەوڵدەدات لەڕۆمانی لەخشتەبراواندا هێرش بکاتە سەر نەهیلیستەکان، هەر بەو جۆرەی کە گوتم بزاوتی نەهیلیستی وەك بزاوتێکی تاوان ئاساو یاخیبوو، هەڵچوونی مرۆیو نەخۆش (شێتانە) بەدژی خواوەند وێنا دەکات. ناوی سەرەکی کتێبەکەی (شەیتانەکانن)و لەڕوانگەی (دۆستۆیۆڤسکی)یەوە مەبەست لەشەیتانەکان کەس نییە جگە لەڕۆژئاواییەکان، ئەو خۆرئاواییانەی کە لەگەشتەکانیدا ناسیبوونی، بۆیە ئەوانە نوێنەری نەهیلیستە روسەکان نینو لەبێسەروبەرەییدا ژیانیان دەکرد. بەبڕوای دۆستۆیۆڤسکی نەهیلیستەکان لەو سەردەمەدا نوێنەری ئاراستە تاوانکاریەکان بوون کە هەڵقوڵاوی ناخی شەڕانگێزییان بوو، لەو سەرچاوە شەڕانگێزییەوە سەرچاوە دەگرن کە لەسەر دەستی رۆژئاواییەکانو بەدروشمی ئازادی، وەکیەکی دەبن بەدوژمنی کەنیسەو بنەماڵەی ئازادو سەربەخۆ.

**نیازە سەرەکییەکان:**

دەربارەی راڤەی رۆمانەکانی دۆستۆیۆڤسکی بۆچوونی زۆر پێشکەش کراونو دەتوانین بەسەر چەند گروپێکدا ریزبەندییان بکەین.

أ.شیکردنەوەی رووتی دروونناسی کە لەسەر بنەمای دەرکێشانی گرێی ئۆدیپو هەستکردن بەسزای ویژدانن دەربارەی بەرهەمەکانی دۆستۆیۆڤسکی پێشکەش کراون. پاش مەرگی باوکی لەسەر دەستی (سرف)ەکان هەستکردن بەسزای ویژدان سەراپای دۆستۆیۆڤسکی داگرت (چونکە بۆ خۆی زۆر جار ئاواتەخوازی مەرگی باوکی بووە، تاکو رزگاربێت لەئەشکەنجەکردنو دیکتاتۆریەکانی باوکی). تەنانەت دەستپێکردنی قەیرانی پەرکەمی دۆستۆیۆڤسکی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو رووداوو قۆناغە.

ب.گروپێکی دیکە لەڕاڤەکان بەمجۆرەن: هەروەك ئاشکرایە لەسەرەتای شۆڕشی روسیادا (ئۆکتۆبەردا) دۆستۆیۆڤسکی بەنوسەرێکی کۆنەپەرستو بەرگریکاری وشیارو بەئاگاو پێشڕەوی تزاریزمو روسیای مەزنو کەنیسەی کۆنەپەرستی ئەرزەدۆکسی پێناسەکراوە، هەروەها ئەوەیش دەزانین تاکو (1953)و مردنی ستالین، کتێبەکانی لەڕوسیادا مافی لەچاپدانەوەیان نەبووەو یاساغ بوون.

پ.بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، رێك گروپێکی دیکە لەخاڵی رووبەڕووی ئەو بۆچوونەدانو هەوڵدەدەن بەکەسێکی پێشگۆکاری لێکبدەنەوە کەبەتواناییەوە هەڵگری پەیامێك بووە. ئەم گروپە دۆستۆیۆڤسکی بەکەسێکی دیموکراسو ئازاد دەزانن کە توانیویەتی لەئاراستە نیگەتیڤەکانی کۆمەڵگای روسیا بگاتو هەموو توندوتیژییەکانی شۆڕشی (1917)و ساڵە پڕ لەتوندوتیژیەکانی رژێمی کۆمۆنیستی پێشبینی بکات، بەدەیان ساڵ پێش روودانی ئەو توندوتیژییانە توانیویەتی وەسفیان بکات. ئەم گروپە کەسایەتی لەخشتەبراوان بەوەسفێکی تەواو وردو رێكوپێکی سەرکردەکانی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت دەزانن.

ت.گروپێکی دیکە بەتەنها جەخت لەسەر روانگە سۆفیگەراییەکانو نەهێنی ئاسابوونی رۆحی مرۆی دەکەنەوە کە دۆستۆیۆڤسکی پێناسەو وەسفی بۆکردوون.

دەتوانین لەم نێوانەدا راڤەیەکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ ئەو مەیدانە بکەین کە زۆرتر لەهەر شتێك جەخت لەسەر دابڕانو درزێك دەکاتەوە کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەکۆمەڵگای روسیادا بوونی هەبووە، لەلایەك ململانێی نێوان نەریتخوازی سلاڤیو تزاریستی، لەلایەکی دیکەوە ململانێی نێوان نوێخوازی خۆرئاواخوازەکان لەگەڵ ئازادیخوازانو شۆڕشگێڕاندا بوونی هەبووە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە لەئاکامدا خودی دۆستۆیۆڤسکی نەیتوانی لەنێوان ئەو دوو ئاراستەیەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. گەرچی گومانی تێدا نییە لەنوسینەکانیدا روانگەی نەریت خوازانەو مەسیحیەتی سۆفیگەرییانە رزگاریبەخشی زاڵە بەسەر بۆچوونەکانیدا، بەڵام دەبێت لەهەمان کاتدا بەیەکێك لەلێهاتوترین پلانداڕێژانی ئاڵۆزی روحی مرۆیو سەرکێشیکردنو شۆڕشگێڕبوون بژمێردرێت، ئەوەش بەجۆرێك لەئازادی بەبیٚ شەرتو مەرجو بێسنوردا پێناسە دەکات.

کەسایەتی رۆمانەکانی دۆستۆیۆڤسکی کە وێنایەکی شەیتانییان بۆ کراوە هەڵگری جۆرێکن لەمۆدێرنەو ناتوانرێت نکۆڵی لەتێڕوانینی جوانی داهێنەرەکەی بکرێت کە لەو وێناکردنەدا خستویەتیەڕوو. (چونکە لەڕاستیدا بەجۆرێك چارەنووسی خۆی وێناکردووە). سەرەڕای ئەوەش دۆستۆیۆڤسکی قەت نەیتوانی ئەو بوێرییو ئازاییە بۆ خۆی دروست بکاتو ئەو کەسایەتیانە تاکو لوتکەی لۆژیك بوون پێشبباتە، واتە سەروژێرکردنی کۆمەڵگای داخراوی تزارییو بەزاندنی سنورە داخراوەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو پێی باشتربوو ئەو کەسایەتیانە بەشەیتانی بوون بکات تاکو سزای دۆزەخێکی زەوینیو هەمیشەییان بەسەردا بڕێت.

